www.kurdistannet.org
24-7-2006 14:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بانگەواز و بانگهێشت، بۆ گشت پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتییە کوردستانییەکانی فینلاند

وەک ئاگادارن، بڕیارە ڕۆژی 21. 8 دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی، لەسەر ئەنفالکردن و کۆمەڵکوژیی گەلی کورد، دەست پێ بکات. ناوەندی (چاک) پێش بانگەوازی بۆ ئەنجامدانی خۆپێشاندان بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق و چالاکیی تری بەرفراوان لە کوردستان و دەرەوە لە ڕۆژی 21. 8 دا ڕاگەیاندووە.

بۆ ئەوەی لەم ڕۆژە مێژووییەدا، بە یەک دەنگ پشتگیریی خۆمان بۆ دادگاییکردنیان بسەلمێنین و لە هەمان کاتدا داواکارییە ڕەواکانی خۆمان وەک گەلی کورد بەرز بکەینەوە، پێویستیمان بە هاوکاریی مەزن لە ناو خۆماندا هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە، ناوەندی چاک لە فینلاند بە پێویستی دەزانێت بانگهێشتی هەمووان بکات بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان و هاوبەشی تایبەت، بۆ گفتوگۆ لەسەر ئامادەکاری و ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانی فینلاند بە ناوی هەموانەوە و بە هاوکاری یەکتر.

کاتی کۆبوونەوە:

ڕۆژی پێنجشەممە، 27. 7. 2006 کاتژمێر 18:00 واتا شەشی ئێوارە

ناونیشان:

**Palkkatilankatu 1-3 F**
**LänsiPasila**

ئەم ڕۆژە ڕۆژی هەموومانە. هەموومان وەک یەک مافمان هەیە و ئەرکی سەر شانمانە کە ئەم خۆپیشاندانە سەرپەرشتی بکەین و بە سەرکەوتنی بگەیەنین. هەر پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسێکی هەر پارچەیەکی کوردستان، سەربەستە لە هاتن و بەشداریکردن لەم کۆبوونەوەیەدا و ئەم بانگەوازە کراوەیە، لە جیاتی بانگهێشتی فەرمییە بۆ هەمووان.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

ئیمایلی چاک:

chak_org@yahoo. com

یان ژمارەی تەلەفۆن:

سالار سۆفی 0405335376

ناوەندی چاک

2006/07/21